

# مایكل باڵاک كێیە؟

مایكل باڵاك یەكێكە لە یاریزانە هەرە باشەكانی ئەڵمانیا و یانەی چێڵسی ئینگلیزی و كاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیایە و رۆڵێكی سەرەكی هەبوو لە سەركەوتنەكانی ئەڵمانیا لە یۆرۆی (٢٠٠٨) ئێمەش بە پێویستمان زانی چەند زانارییەكی دەرباری ئەم یاریزانە ئاشكرا بكەین.

ناو : مایكل باڵاك

وڵات: ئەڵمانیا

ژماری درێسی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا :١٣

شوێنی یاریكردن: هێڵی ناوەراست

یانە: چێڵسی ئینگلیزی

ساڵی لە دایك بوون: ٢٦ — ٩ ١٩٧٦-

درێژی : ١٨٨ سم


كێشی: ٨٥ كگم

یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا پێش یاری كۆتایی: ٨٥ یاری

ژمارەی گۆڵەكانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا پێش یاری كۆتایی: ٣٨ گۆڵ

# سەرۆكی بەرازیل داوای گەرانەوەی رۆناڵدینهۆ دەكات


سەرۆكی بەرازیلی دی سێلڤا ئاواتی خواست جارێكی دیكە هەل بۆ رۆناڵدینهۆ برەخسێ و بگەرێتەوە هەڵبژاردەی بەرازیل بۆ بەشـــداریكردن لە ئۆڵۆمپیادی پەكین هەروەها گوتی جا داوا لـــە دۆنگای راهێنەر دەكـــەم كە ئەو داوایی من قەبوول بكات چونكە لەو كات و ســـاتەدا بـــاری دەروونی یاریزانی ناوبـــراو لەبارە بۆ گەڕانەوە، لـــە لای خۆیەوە دۆنگا گوتی دەرگا بۆ گشـــت یاریزانێك كراوەتەوە گەر خۆی بچەسپێنێ و ئاواتـــە خوازم كە رۆناڵدینهۆش یەكێك بێت لە یاریزانەكانی پەكین، رۆناڵدینهۆش لە لای خۆیەوە سوپاســـی ســـەرۆكی بەرازیلی كرد كە ئەو گرنگیەی بە وەرزش و یاریزانان دەدات و بـــە خەمخۆری یەكەمی وڵاتەكەی دادەنێ هەروەها سەبارەت بە دوا رۆژی لە یانەی بەرشلۆنەش رۆناڵدینهۆ گوتی كاتی ئەوە هاتووە بڵێم من یانەی بەرشلۆنە بە جێ ناهێڵم و دوا وێستگەم دەبێت.



# هەڵوێستێک لە كۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشیی كوردستانەوە

ماوەیـــەك لەمـــەو بەر دوای كۆبوونەوەی نێوان شـــاندێكی كۆمەڵەكەمان لەگەڵ راوێـــژكاری وەزارەتی وەرزش و لاوان، هەردوو لامان لەســـەر ئەوە رێككەوتین كە دوو پەیامنێری وەرزشـــی یاوەری شـــاندی هەڵبژاردەی تۆپی پێی كوردســـتان بن لە پاڵەوانێتیی هەرێمەكان لە وڵاتی ســـوید، بەوەی كە وەزارەتی ناوبراو ئەركی بەشداریكردنی هەڵبژاردەی كوردســـتانی لە ئەستۆ گرتووە و لەم چەند رۆژی داهاتوودا پاڵەوانێتییەكە بەرێوە دەچێت، هەوڵدانمان بۆ یاوەریكردنی پەیامنێر بۆ ئەو جۆرە گەشـــتانە بۆ ئەوەیە بە جوانترین شـــێوە چالاكییەكان لە رێگەیانەوە بگاتە راگەیاندنەكانی كوردســـتان و هاووڵاتیی كورد لە هەواڵەكانی ئەو جۆرە بەشداریكردنە مێژووییە بێبەش نەبێت ئەو كات كۆمەڵەكەمان بە نووسراوێكی فەرمی دوو پەیامنێری بۆ ئەو گەشتە دەستنیشان كرد كەچی دواتر دەركەوت هیچ پەیامنێرێك ناوی لە لیستەكەدا نییە ئێمە داخ لەوە دەخۆین كە زۆر لە دەزگا و بەرپرسانی وەرزشی گرنگیی ئەركی راگەیاندكاری وەرزشی بە هەند وەرناگرن و نازانن یاوەریكردنی راگەیاندنكارێك لەگەڵ شاندێكی وەرزشی لەو جۆرە گەشتانە سوود بە چالاكییەكانی خۆیان و وەرزشی كوردستان دەگەیێنێت لەگەڵ ئەوشدا ئێمە وەك نوێنەری سەرجەم رۆژنامەنووسانی وەرزشیی كوردستان هەڵوێستێكی توند بەرامبەر بە وەزارەتی وەرزش و لاوان وەردەگرین و داوایان لێ دەكەین لەوە زیاتر مافی راگەیاندنكارانی وەرزشی پێشێل نەكەن و رۆڵی گرنگی فەرامۆش نەكەن.

**كۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشیی كوردستان**




# تەنیا سكۆلاری بیانی بوو

چوار لە هەڵبژاردە بەشداربووەكانی یۆرۆی (٢٠٠٨) راهێنەرەكانیان لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان بوو لەوانە سێیان هەر لە ئەورووپا بوو، بەڵام چوارەمیان بەرازیلی بوو كە راهێنەری هەڵبژاردەی پورتوگاڵ بوو كە لە دەرەوەی ئەورووپا بوو، (١٢) هەڵبژاردەش راهێنەرەكانیان نیشـــتمانی بوون لە وڵاتی خۆیان بوو، ئەڵمانی ئۆتۆریهاگل راهێنەری هەڵبژاردەی یۆنان بوو كە چوار ساڵ بەر لە ئەمرۆ توانی یۆنان بكاتە پاڵەوانی یۆرۆی پورتوگال كە بە گەورترین سەركەوتن بۆ ریهاگل و یۆنان دەژمێردرێت و لە مێژووی تۆپی پێ تۆماركراوە هەروەها هەڵبژاردەی پۆڵەندا راهێنەر لیوبینماكێری هۆڵەندی بوو و هەڵبژاردەی رووســـیا راهێنەری گۆوس میونیك كە ئەویش هۆڵەندی بوو.

# هەڵبژاردەی کوردستان

## چۆن خۆی بۆ پاڵەوانیەتی هەرێمەکانی جیهان بۆ تۆپی پێ ئامادە کردووە؟


سلێمان رەمەزان


عەبدولقادر حوسێن


نەزار عەبدولرەحمان

هەڵبژاردەی کوردســـتان بەشداری لە پاڵەوانیەتی هەرێمەکانی جیهان بۆ تۆپی پــێ دەکات کە لە وڵاتی ســـوید ئەنجـــام دەدرێت بە بەشـــداربوونی (٥) لەو هەرێمانە کە بێ وڵاتن ئەوانیش هەرێمەکانی کوردستان، سامی لاند لە سوید( کــە یاریزانەکان لە وڵاتی روســـیا و فنلندا و ســـوید و نەرویـــج دەژین و دوو یاریزانـــی لە یانەی بلاکبێرن رۆڤرزی ئینگلیزی یاری دەکەن)، بادانیا ئیتاڵیا، برۆڤینس فەرەنسا،سریان عێراقی فیدراڵ( کە زۆربەی یاریزانەکانی لە یانە پلە یەکەکانی ئەوروپا یاری دەکەن)، بەشـــداری تیاییدا دەکەن کە ئەم پاڵەوانیەتیە یەکێتی ڤیفـــا ئەنجامی دەدات ئەم یەکێتیە تایبەتە بـــەو هەرێمانەی کە بێ وڵاتن و هەروەها هەڵبژاردەی کوردستان بۆ کچانیش بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە دەکات کە تیاییدا لەم پاڵەوانیەتیە دوو هەڵبژاردە بەشدارن ئەوانیش هەڵبژاردەی کوردستان و هەڵبژاردەی سامی لاند لە سوید، ئێمەش بۆ زانینی چۆنیەتی خۆ ئامادە کردنی ئەم هەڵبژاردەیە و کێشە و گرفتی ئەم هەڵبژاردەیە بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم راپۆرتە ئامادە بکەین.

راپۆرت: رێبین رەمزی

**ســـەرەتا ســـلێمان رەمەزان راهێنەری هەڵبـــژاردەی کوردســـتان دەربارەی ئەم پاڵەوانیەتیە گوتی:**

ئەم پاڵەوانیەتیە شتێکی مێژووییە بۆ یەکەم جار بەشداری لەم جۆرە پاڵەوانیەتیە دەکەین، بەڵام بەداخەوە ئیمە لە هەڵبژاردەی کوردســـتان باشترین یاریزانەکانمان بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە ناکەن بە هۆی ئەوەی کە یانەکان رێگا بە یاریزانەکان نادەن بەشـــداری لەم پاڵەوانیەتیە بکەن چونکە ئێمە لە سەرەتا (٢٨) یاریزانمان دەســـت نیشـــان کرد، بەڵام (١٨) یاریزان لەم هەڵبژاردەیە کشانەوە بە بیانۆی جیاواز بۆیە ئێمە پشت بەو یاریزانانە ببەستین کە ماوەن ئەویش (١٥) یاریزانە بۆیە ئێمە ناچار بووین (٩) یاریزان لە دەرەوەی کوردســـتان دەست نیشان بکەین کە لە هاندەران دەژین و تا ئێستا ئێمە نازانین ئاستی ئەو یاریزانانە چۆنە ئایا ئێمە سود لەو یاریزانانە وەردەگرین یان نا و نازانین لە چ شوێنێك یاری دەکەن تا ئێســـتا هیچ یارییەکی دۆستانەمان نەکردووە و هیچ یاریزانەکان تەنسیقیان لە نێـــوان خۆیان نییە، ئەگەر ئەو یاریزانانە لەگەڵ ئێمە بان ئەوە ئاســـتێکی باشمان نیشان دەدا کە بۆ جیهان بەسەلمێنین کە کوردستانیش هەڵبژاردەی تۆپی پێی هەیە، بەڵام کە ئەم یاریزانانە لە هەڵبژاردەی کوردســـتان کشانەوە کێشەو گیروگرفتیان بۆ دروســـت کردین بۆیە ئێمە هەوڵ دەدین ئاستێکی باش نیشان بدەین ئەوەی لە دەستمان بێت درێغی ناکەین، بەڵام هەموو شتێك بە قسە نییە بەڵکو بە کارکردنە و تا بڵێی وەزعمان زۆر خەراپە لە هەڵبژاردەی کوردســـتان، داواکارم لە هەموو لایەك پشتگیریمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی باش نیشان بدەین لەم پاڵەوانیێتیە.

**دواتر عەبدولقادر حوسێن یاریدەدری راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان گوتی:**

کشانەوەی یاریزانەکان لە هەڵبژاردەی کوردستان بۆ دەستەی کارگێری یانەکان دەگەرێتـــەوە چونکە باوەر ناکەم هیچ یاریزانێك بە ئەنقســـەت لە هەڵبژاردەی کوردســـتان بکشێتەوە و ئەرکی نیشـــتمانی خۆی جێبەجێ نەکات و خزمەتی وڵاتەکی نەکات، بەڵام دەســـتەی کارگێری یانـــەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان نەیان هێشـــت یاریزانەکان لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بەشدار بن و هەروەها نەیانتوانـــی کۆنترۆڵی راهێنەرەکانی خۆیان بکـــەن کە بە رەگەز عەربن، ئێمە کە دەچینە ســـوید ســـەیری ئاســـتی ئەو (٩) یاریزانە دەکەین کە لە هاندەران دەســـت نیشان کراوەن بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئاستییان خزمەتی هەڵبژاردەی کوردستان دەکات ئەگەر ئاستیان باش بوو ئەوە ئێمە ناچارین پشت بەو یاریزانانە ببەســـتین، بەڵام ئەگەر ئاستیان وەك پێویســـت نەبوو ئەوە پشت بە یاریزانەکان دەبەســـتین کە ئێمە دەســـت نیشـــانمان کردوون بۆ ئەو پاڵەوانیەتیە، هیوادارم ئێمـــە لە ئاســـتی ئەو ئەرکە دابین کە بۆی دەســـت نیشـــان کراوین، چونکە ئەرکێکی نیشـــتمانی و نەتەوەیی زۆر گەوریە کە بتوانین ناوی کوردستان لەم پاڵەوانیەتیە بەرز بکەینەوە و مێژوویێك دروست بکەین، تا ئێستا نازانین ئاستی ئەو هەڵبژاردانەی کە بەشـــدارن چۆنە، بەڵام ئێمە باورمـــان بە یاریزانەکانی خۆمان هەیە لەوانەیە باشـــترین یاریزانەکانی کوردستان بەشدار نەبن بەڵام ئەم یاریزانانەی کە دەستنیشانمان کردوون ئاستیان باشە.

**دواتـــر نەزار عەبدولرەحمان یاریزانی یانەی ئارارات و هەڵبژاردەی کوردســـتان گوتی:**

هەموو کەســـێك هیوا ئاواتی ئەوەیە کە لە هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکات و هەســـت بە خۆشیەکی زۆر گەورە دەکەم کە بۆ ئەم هەڵبژاردەیە دەست نیشان کراوم، گرنگ نییە ئەو یاریزانانە پاشەکەشیان لە هەڵبژاردەی کوردستان کردووە گرنگ ئەوەیە ئێمە بە ناوی کوردستان بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە دەکەین و پەنا بە خوا ئەنجامان زۆر باش دەبێت لەم پاڵەوانیەتیە.

**پاشـــان یاریزان محەمەد حەمە خـــان یاریزانی یانەی بروســـك وهەڵبژاردەی کوردستان گوتی:**

جێگای خۆشـــحالیە کە من بۆ هەڵبژاردەی کوردســـتان دەست نیشان کراوم و ئەوە نزیکەی دوو هەفتە دەبێت دەستمان بە مەشق کردن کردووە، بەڵام بەداخەوە یاریزانەکانـــی هەولێر و دهۆك و پێرس و کەرکووك لـــەم هەڵبژاردەیە دابران و هەروەها یاریزانێکیش لە یانەی سیروانی نوێ ئەویش لە هەڵبژاردەی کوردستان کشـــاوە ئەم شتە بۆ ئێمە زۆر ناخۆشە چونکە ئێمە بۆ بە دەست هێنانی ئەنجام بەشداری لەم جۆرە پاڵەوانیەتیە دەکەین، دەست نیشان کردنی ئەو (٩) یاریزانە لە هاندەران کێشـــە و گرفت زۆر دروســـت دەکات چونکە ئێمە نازانین ئاستیان چۆنە و یەکســـەر دێنە هەڵبژاردەی کوردستان یاریمان لەگەڵ دەکەن ئەوها بە ئاســـانی لەگەڵ ئێمە ناگونجێن چونکە ماوەیەکی دەویت تاکو لە یاری کردن لەگـــەڵ یەك بە گونجێن، من کە لە یانەی کەرکـــووك یاریم دەکرد بۆ خولی عێراق ئەمســـاڵ بە هۆی هەڵبژاردەی کوردســـتان و هەندێ شتی تر داوای لێبوردنـــم لێ کردن بۆیە لەگەڵ یانەی کەرکووك بـــەردەوام نەبووم، بەڵام ئەم یاریزانانە کە دابران دەبوایە بە ئەرکی ســـەر شـــانی خۆیان بزانیبایە و لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردســـتان بەشداریان بەکردبایە چونکە ئەمە ئەرکێکی نیشتمانیە و بۆ هەموو کەســـێك شانازیە کە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکات، بەڵام دەستەی کارگێری یانەکانیش کەم تەرخەمن سەبارەت بەم شتە.

**دواتر یاریزان عیماد ئەسعەد یاریزانی هەولێر و هەڵبژاردەی کوردستان گوتی:**

هەســـت بە خۆشـــیەکی زۆر دەکەم کە لە هەڵبژاردەی کوردستان وەرگیرام وا هەســـت دەکەم کە تازە لە دایك بوویمە و یەکەم جارە کە هەڵبژاردەی کوردستان



بەشداری لەم جۆرە پاڵەوانیەتیە بکات کە مێژوویە بۆ گەلی کوردستان، راستە زۆربەی یاریزانە باشەکان لەگەڵ ئێمە بەشداری ناکەن، بەڵام پەنا بەخوا ئەنجامێکی باش بە دەست دێنین لەم پاڵەوانیەتیە، دەستنیشانکردنی ئەو یاریزانانەی لە هاندەران ئێمە زۆر سودیان لێ وەردەگرین چونکە ئێمە لە کوردستان تەنیا راهێنەری عەرەب و کورد مەشقی بە ئێمە داوە، بەڵام ئەم یاریزانانە زۆربەیان راهێنەری بیانی جا چ بەرازیلی یان ئەوروپی ئەوان مەشقیان پێ داون واتە ئەزموونیان زیاترە، بە بۆچوونی خۆم هەتا هەڵبژاردەی کوردستان هەبێت یانەکان زۆر گرنگ نییە، بەڵام ئێستا لەم کات و ساتشدا یانەکان بەشداری لە خولی عێراقی دەکەن و پێویستیان بە یاریزانەکان هەیە بۆیە رێگەیان بەم یاریزانانە نەداوە کە بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکەن.

**پاشان گۆڵچی یانەی بروسك و هەڵبژاردەی کوردستان غەفوور عوسمان گوتی:**

هەموو یاریزانێك هیواداره کە لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یاری بکات بۆیە جێگای خۆشحالیە بۆ من کە بۆ هەڵبژاردەی کوردستان دەست نیشان کراوم، کشانەوەی یاریزانەکانیش لە هەڵبژاردەی کوردستان زۆر هەڵەیە و هەروەها دەستەی کارگێری یانەکانیش کەمتەرخەمن و یاریزانەکان لەوانیە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری نەکەن و هەروەها یانەکانیش لەبەر بەرژەوەندی خۆیان لە خولی عێراق رێگا بە یاریزانەکان نادات کە لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری نەکەن و ئێمە کە بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە دەکەین بۆ بە دەست هێنانی ئەم پاڵەوانیەتیە بەشداری دەکەین واتە پلەی یەکەم، زۆر شانازی بەو یاریزانانە دەکەم کە لە هاندەران دەست نیشان کراون بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەن.

**دواتر لە کۆتایی رووی پرسیارمان ئاراستەی هەردوو بەرێز سەفین کانبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ کوردستان و محەمەد سەدیق راوێژکاری وەزیری وەرزش و لاوان کرد کە سەرەتا محەمەد سدیق بەم شێوەیە هاتە وڵام:**

ئێمە لە هاندەران سەرەتا (١٠١) یاریزان داوایان کرد کە لە هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەن ئێمە ئەم (١٠١) یاریزانمان کورت کردووە بۆ (٩) یاریزان کە بۆ هەڵبژاردەی کوردستان دەست نیشان کراون، ئێمە سەرەتا چەند فۆرمێکمان لەسەر ئەم یاریزانانە دابەش کرد بۆ ئەوەی پر بکەنەوە کە ژمارەیەکی زۆری پرسیار تیاییدا بوو کە دەبوایە ئەو یاریزانانە بە فەرمی نوسراوێك لەو یانەیە بێنێت کە یاری تیاییدا دەکات و هەروەها دەبوایە یەکێکیش تەئکید لەوە بکاتەوە کە ئەم یاریزانە لەم یانەیە یاری دەکات و ئێمەش چەند پرسیارمان دەرباری ئەم یاریزانانە کردووە بۆ ئەوەی راست و دروستی ئەم زانیاریانەی ئەو یاریزانانە بۆمان دەرکەوێت، بەڵام دەربارەی لایەنی جستەیی و لیهاتوویشیان دەگەرێتەوە بۆ راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان کە ئێمە ئۆردوگایەکی مەشقی بۆ ماوەی (٥) رۆژ بۆ هەڵبژاردەی کوردستان رێك خستووە لە سوید بۆ ئەوەی ئەو یاریزانانە تاقی بکاتەوە کە لە هاندەران دەست نیشان کراون، دەرباری هەڵبژاردەی ئافرەتانی کوردستان بۆ تۆپی پێ ئیمە زۆر پێمان خۆش بوو کە چەند یاریزانێك لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکووك لەگەڵ خۆمان ببێن بۆ سوید، بەڵام بەهۆی داب و نەریتەی کوردەواری کە رێگا بە کچ نادات بە تەنیا بۆ وڵاتێك سەفەر بکات بۆ ماوەی (٢٠) رۆژ و هەروەها چەند یاریزانێك لە سلێمانی هەبوون کە نەیان دەتوانی سەفەر بکەن تا کۆتایی ئەم مانگە بە هۆی تاقی کردنەوەی قوتابخان و کۆلێژەکان و لە شاری دهۆك یاریزانێك نایێت ئەگەر هاتوو یاریزانەکەی هاوری لەگەڵ نەبێت، بۆیە ئێمە بریارمان دا کە گشت یاریزانەکانی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ ئافرەتان لە هاندەران دەست نیشان بکەین و هەروەها راهێنەرێکی کوردمان لە هاندەران بۆ هەڵبژاردەی ئافرەتان دەست نیشان کردووە و راهێنەرێکی بە توانایە و چەند ساڵە لە سوید راهێنەرە، لەم پاڵەوانیەتیە تەنیا دوو هەڵبژاردە بۆ ئافرەتان بەشدارن کە ئەویش هەڵبژاردەی کوردستان و سامی لاند لە سوید و دوو یاری ئەنجام دەدەن.

**دواتر سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ کوردستان سەفین کانبی گوتی:**

بەداخەوە یانە گەورەکانی کوردستان وەك هەولێر و دهۆك و پێرس و کەرکووك یارمەتی ئێمەیان نەدا و رێگایان بە یاریزانەکان نەدا کە لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان لەم پاڵەوانیەتیە بەشداری بکەن،بەڵام کاتێك کە یاریزانێکیان بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەست نیشان دەکرێ رێگا بەو یاریزانە دەدەن کە لەگەڵ ئەم هەڵبژاردەیە بەشداری بکات، ئەو یاریزانەی کە ڤیزەی بۆ گەراوەتەوە ئەگەر لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری نەکات ئەوە ئێمە بە تونترین شێوە سزای دەدین و هەروەها ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی پێ کوردستان بە هیچ شێوەیەك رێگا بە خۆمان نادەین راهێنەر یاخود یاریزان یان کارگێری عەرەب بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بێنین چونکە ئێمە تەنیا پاڵپشتی نەوەی کورد دەکەین، زۆر سوپاسی یەکێتی تۆپی پێ عێراق دەکەین کە یارمەتی داوین بۆ وەرگرتنی ڤیزا بۆ ئوردەن ئەمەش هاوکاریەکە بۆ ئێمە.


عیماد ئەسعەد

جێگای باسە پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان بەم شێوەیە خوراوەیە:

سلێمان رەمەزان راهێنەر و عەبدولقادر حوسین یاریدەدری راهێنەر و رزگار عەلی راهێنەری گۆڵچی و یاریزانەکان پێك هاتووە لە:

غەفوور عوسمان، دیار رەحمان، محەمەد حەمە خان (یانەی بروسك)، هۆشمەند جەلال، هەرێم بورهان( یانەی پێشمەرگەی سلێمانی)، دیدار حامد، عیماد ئەسعەد ( یانەی هەولێر)، هەڵگورد مەلا محەمەد، بورهان عەبدولکریم، ئارام محەمەد کەریم، کاروان محەمەد سالح ( یانەی سلێمانی)، نزار عەبدولرحمان، عەلی عەزیز ( یانەی ئارارات)،ئەحمەد حەسەن ( یانەی سیروانی نوێ)، ئەحمەد ئیبراهیم ( یانەی ئەزمەر)، دڵدار ئیبراهیم( یانەی پێشکەوتن)،

هەروەها (٩) یاریزان لە هاندەران دەست نیشان کراون بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردەی کوردستان لەم پاڵەوانیەتیە یاری بکەن ئەم یاریزانانەش کە (٣) یاریزان لە وڵاتی ئەڵمانیایە و (٢) یاریزان لە وڵاتی هۆڵەندایە و (٢) یاریزان لە وڵاتی دانیمارکە و (٢) یاریزان لە وڵاتی سویدە.


غەفوور عوسمان

خشتەی یارییەکانی هەڵبژاردەی کوردستان لەگەڵ کاتەکان بە کاتی کوردستان لەم پاڵەوانیەتیە بەم شێوەی خوارەوەیە

رۆژی دووشەممە (٧-٧) هەڵبژاردەی کوردستان – سیمی لاند سوید
کاتژمێر (١١) شەو

رۆژی چوارشەممە (٩-٧) هەڵبژاردەی کوردستان – پرۆڤینس فەرەنسا
کاتژمێر (١) نیوەرۆ

رۆژی پێنج شەممە (١٠-٧) هەڵبژاردەی کوردستان – بادانیا ئیتاڵیا
کاتژمێر (٣) ئێوارە

رۆژی هەینی (١١-٧) هەڵبژاردەی کوردستان - سریان عێراقی فیدراڵ
کاتژمێر (٥) ئێوارە

رۆژی یەك شەممە (-١٣ ٧) یاری سێیەم و چوارەم
کاتژمێر (١١) پێش نیوەرۆ

رۆژی یەك شەممە (١٣-٧) یاری کۆتایی
کاتژمێر (٥) ئێوارە.

# ئەو یاریزانانەی کە لە یـــــــ

**یۆرۆی (٢٠٠٨) کە دوێنێ شەو یارییەکانی لە نەمسا و سویسرا بە کۆتا هات و چەندین یاریزانی بەناوبانگ و ئەستێرەی جیهانی لێ دوور بوو، جا بە هۆی پێکان بێت،**

*** گۆڵچی ئەڵمانی ئۆلیڤەر کان**

گۆڵچی بەناوبانگی ئەڵمانی ئۆلیڤەر کان کە لە ساڵی (١٩٦٩) لـــە دایکبووە و بـــۆ دوو یانە یاریکردووە لەوانە کارســـلووە و بایرەن میونیخ لە ســـاڵی (١٩٨٧) تا ساڵی (٢٠٠٨) و نازناوی باشترین یاریزانـــی مۆندیالی (٢٠٠٢)ی وەرگرت و (٨٦) یاری نێودەوڵەتی ئەنجامداوە و لە (٤٩) یاری کاپتن بووە کە ئەوە ژمارەیەکی پێوانیە لە ئەڵمانیا.

*** ئیتاڵی ئەلیساندرۆ نێستا**

لە ساڵی (١٩٩٢) بۆ هەڵبژاردەی لاوانی ئیتاڵیا لە ژێر تەمەنی (١٨) ســـاڵی یاریکردووە و (٧٨) یاری نێودەوڵەتی ئەنجامداوە لە ســـێ پاڵەوانیەتی یۆرۆی (١٩٩٦ — ٢٠٠٠ — ٢٠٠٤) بەشداری کردووە و لە ســـێ مۆندیالی ساڵانی (١٩٩٨ — ٢٠٠٢ — ٢٠٠٦) بەشداریکردووە لە هەر سێ مۆندیالیش تووشی پێکان هاتووە و لە ساڵی (١٩٧٦) لە شـــاری رۆما لە دایکبـــووە و (٢٦٦) یـــاری لەگەڵ یانەی لازیۆ کردووە و (١٩١) یاریشی لەگەڵ ئەی سی میلان ئەنجامداوە.



*** چیکی پاڤل نێدڤید**

نێدڤیـــد لـــە ســـاڵی (٢٠٠٣) نازناوی تۆپی زێڕی ئەوروپای وەرگـــرت و لە

ســـاڵی (٢٠٠٤) بڕیاریدا واز لە یاریکردن بهێنێ دواتر پاشگەزبۆوە لـــە مۆندیالی (١٩٩٨ — ٢٠٠٢) بەشـــدارییان نەکـــرد، بەڵام لە (٢٠٠٦)ی ئەڵمانیا بەشـــدارییان کرد و لە ساڵی (١٩٧٢) لە دایك بووە و لە یانەکانی دولابراگ و ســـپارتا براگ و لازیۆ و یۆڤانتس یاریکـــردووە کە بە جێگرەوەی زیـــدان ناوزەند دەکرا، لە یانەی لازیو (٢٠٧) یاریکـــردووە و (٥١) گۆڵـــی تۆمار کـــردووە و لە یانەی یۆڤانتسیش (٢٥٨) یاریکردووە و (٥٥) گۆڵیشی تۆمار کردووە.

*** هۆڵەندی یاب ستام**

لە ســـاڵی (١٩٧٢) لە شـــاری کامین لە دایکبووە یەکەم یاری نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٩٦) دژی ئەڵمانیا ئەنجامیدا و لە یانەکانی ئایندهۆڤن و مانچســـتەر یۆنایتد و لازیۆ و ئەی ســـی میلان و لە ســـاڵی (٢٠٠٦ — ٢٠٠٧) گەرایەوە هۆڵەنـــدە بۆ یانەی ئەجاکس یاریکردووە و ســـاڵی (٢٠٠٧) وازی لـــە یاریکردن هێناوە و (٦٧) یـــاری نێودەوڵەتی ئەنجامـــداوە و (٣) گۆڵیشـــی تۆمارکردووە و نازنـــاوی باشـــترین یاریزانی هێڵی بەرگـــری خولـــی ئەوروپـــای (١٩٩٩ — ٢٠٠٠)ی وەرگرتووە.

*** فەرەنســـی زینەدیـــن زیدان**

ســـاڵی (١٩٩٦) بـــۆ یەکەمیـــن جار بەشـــداری



# ۆرۆی (٢٠٠٨) دوور بوون

**یان بە هۆی وازهێنانی یەکجاری بێت شـــوێن پەنجەیان دیار بوو، یاریزانەکانی ئێســـتاش نەیانتوانی شوێنیان پڕ بکەنەوە.**

لە یۆرۆ کرد نەیتوانی ئاســـتێکی بەرز نیشـــان بدات لەبەر ئەوەی پێش پاڵەوانیەتیەکە تووشـــی کارەســـاتی هاتووچۆ بوو و ســـاڵی (٢٠٠٠) توانـــی هاوکاری وڵاتەکەی بکات لە بە دەســـتهێنانی و پێش ئەویش توانی مۆندیالی (١٩٩٨)ی فەرەنســـا بباتەوە و دواتر جامی کیشـــوەرەکانیان بەرز کردووە و چەندین جار نازناوی باشترین یاریزانی جیهانی وەرگرتووە و دوو جاریش باشـــترین کەسایەتی بووە لە فەرەنسدا.

*** فەرەنسی تریزیگە**

لە ســـاڵی (١٩٧٧) لە دایکبـــووە و (٧١) یـــاری نێودەوڵەتی ئەنجامـــداوە (٣٤) گۆڵی تۆمار کردووە و (٢٥٨) یاری و (١٥٦) گۆڵی بـــۆ یانەی یۆڤانتس تۆمارکـــردووە و (١٣) یاری و (٦٠) گۆڵـــی بـــۆ یانەی مۆناکـــۆ تۆمار کـــردووە و ناخۆشـــترین ساتی کاتی لە ســـاڵی (٢٠٠٦) لە یاری لەگەڵ فەرەنسا لێدانی سزا گۆڵ نەکرد لە (٢٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٩٨) یەکەمین یاری نێودەوڵەتی ئەنجامداوە.

*** پورتوگالـــی لویس فیگۆ**

لە ساڵی (١٩٧٤) لـــە لیشـــبۆنە لە دایکبووە و (١٤٧) یاری بۆ یانەی لیشبۆنە کردووە و (١٦) گۆڵیشی تۆمار کردووە بۆ یانەی بەرشلۆنەش (٢٢٠) یاری و (٤١) گۆڵیشی تۆمار کردووە بە بری (٦١) ملیۆن دۆلار چووە یانەی ریال مەدرید لە (٢٤٤) یاری (٥٢) گۆڵی بۆ قەلای ســـپی تۆمـــار کردووە و دواتر چووە ئەنتەر میـــلان لە (٥٦) یاری (٦) گۆڵی تۆمار کردووە، (١٢٦) یاری بۆ هەڵبـــژاردەی پۆرتوگال کردووە کە ئەمە ژمارەی پێوانی پورتوگالە و (٣٢) گۆڵیـــش تۆمار کـــردووە نازناوی تۆپی زێری (٢٠٠٠)ی ئەوروپای وەرگرتووە.

***ئیسپانی رائوول گۆنزالێس**

یاریزانی هێرشـــبەری یانەی ریال مەدرید لە ســـەرەتای ژیانیەوە لـــە (٦٥٥) یاری (٢٩٢) گۆڵی بۆ قەلای ســـپی تۆمار کردووە و لە (١٠٢) یاری (٤٤) گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی ئیســـپانیا تۆمار کردووە کە ئەمەش ژمارەی پێوانیە لە ئیسپانیا ئەمەو ناوی لە لیستی یاریزانەکانی یۆرۆی ئەمساڵ نەبوو و راهێنەر بە باشـــی زانی کە تۆریسی تەمەن (٢٤) ساڵ لە شوێنی ئەو بنووســـێ ئەمەو رائوول بەشداری لە مۆندیالەکانی (١٩٩٨ – ٢٠٠٢ – ٢٠٠٦) کردووە و بەشـــداری یۆرۆی (٢٠٠٠ – ٢٠٠٤) کردووە

ئەمـــەو چەندیـــن یاریزانـــی دیکە بەشـــدارییان نەکرد لەوانە فرانشیســـکۆ تۆتی و شفشینکۆ و هاکان شوکر و فرانك لامپارد و چەندین یاریزانی تر.





